


## وتەی ئەمجارەمان

سڵاو نە یەک سڵاو، هەزار سڵاو لە تۆ کوڕی چاک و کچی باش. خەبەر و باستان، حاڵ و ئەحواڵتان؟ ئەو سێ مانگ هاوینە چۆن بوون؟ خۆشتان گوزەراند؟ لەگەڵ پاییز و قوتابخانە چۆنن؟ زۆرتان بیری هاوپۆلی یەکانتان کردبوو مەگە نا؟ ئەدی بیری مامۆستاکانتان چی؟

ڕۆژەکانی سەرەتای وەرزی پاییز زۆر خۆشن، زۆر تایبەتن. چوونە بازاڕ، کڕینی کەوش و جانتای نوێ، جلوبەرگی قوتابخانە و خۆشتر لە هەموویان بۆنی کتێب، کتێبی تازە و لەززەتی بەرگ تێگرتن و دیتنەوەی ئەو ڕەفیقانەی چەند مانگە نەتدیون.

وەرن با شتێکتان پێ بڵێم، وەرزی پاییز بۆ ئێمە گەورەکانیش زۆر خۆشە، چونکی وەبیر چوونە قوتابخانەمان دەخاتەوە، چونکی بیر منداڵیی خۆمان دەخاتەوە. ئەمن تا پاییز دێ دەکەومەوە بیری ڕۆژە خۆشەکانی قوتابخانە، دەزانن بۆ؟ چونکی منداڵان دڵیان لە هەموو شتێکی ئەو دنیایە پاکترە. دڵیان بێگەردە، پاک و بێ خەوشە. ئەدی چۆن، دڵی تۆ



وەکوو ئاوێنە ساف و ڕووناکە. دەی جا بۆیە ئەگەر ئەو هەمووە دڵە پاک و بێگەردە لە دەوری یەک کۆببنەوە، قوتابخانە دەبێتە ئەو شوێنەی تا هەتایە لە دڵی ئێمەدا دەمێنێتەوە.

هاتنەوەی وەرزی پاییز، چوونە قوتابخانە و ساڵی نوێی خوێندن لە هەموو ئێوە پیرۆز بێ، منداڵانی کوردستان. بە هیوای ساڵێکی پڕ لە شادی، سەرکەوتن و بەردەوامیی هاوڕێیەتیمان لەگەڵ یەکتر.










لەیلا زانا ساڵی ١٣٤٠ لە شارۆچکەی سیلوان سەر بە پارێزگای دیاربەکر لە دایک بووە.

ئەم ژنە خەباتگێرەی کورد ساڵی ١٣٧٠ بۆتە نوێنەری پارلمانی تورکیە و لە کاتی سوێند خواردنی بە زمانی کوردی لە لایەن دادگای ئەو وڵاتەوە بە ١٥ ساڵ زیندانی مەحکوم کرا کە لە ژێر فشاری کۆمەڵگای جیهانی و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، دوای ١٠ ساڵ مانەوە لە زیندان ئازاد کرا.

لەیلا زانا بە هۆی ئەو هەوڵ و تێکۆشانەی بۆ ئازادی و یەکسانیی مافی کورد لە تورکیە داویەتی، تا ئێستا زیاتر لە ٦ خەڵاتی گرینگی جیهانی بە دەست هێناوە. یەکەم خەڵات ساڵی ١٣٧٥ بە لەیلا زانا درا کە خەڵاتی ساخارۆف بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی لە زیندان بوو، تا ساڵی ٨٣ نەیتوانی ئەم خەڵاتە وەرگرێ.

لەیلا زانا ساڵی ٨٣ ش لەلایەن دەزگای رافتۆی نۆروێژەوە خەڵاتی ئاشتی پێ درا و ساڵی ٧٥ یش لە وڵاتی ئیتالیا خەڵاتی مافی مرۆڤی وەرگرت. لەیلا زانا هەر هەمان ساڵ بە هۆی ئازایەتیی رادەربڕین لە لایەن وڵاتی ئاڵمانەوە خەڵاتی « ئاخن»ی پێ بەخشرا. لەیلا زانا لە نێوان ساڵەکانی ٧٤ تا ٧٧ سێ جار بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نوبێل کاندیدا کرا و ساڵی ٨٧ رەگەزنامەی فەخریی ئیتالیایی پێ بەخشرا.

لەیلا زانا لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتەکەیدا گوتی: ئێمە دەبی شتە باش و هاوبەشەکان ببینین و هەرگیز بێ هیوا نەبین، ئێمەی کورد نێوان ناخۆشی و شەڕمان لەگەڵ گەلانی تورک و عەرەب و فارس نەبووە، بەڵکوو ئەوە دەوڵەتەکانی ئێران، تورکیە و عێراق بوون کە ویستوویانە و دەیانەوێ ناسنامەی نەتەوەییمان بسڕنەوە.

لە یلا زانا ساڵی ٩٠ ی هەتاوی جارێکی تر لە هەڵبژاردنەکانی تورکیە دا وەک نوێنەری خەڵکی دیاربەکر دەنگی هێنایەوە و ئێستا یەکێک لە نوێنەرانی کوردی تورکیە لەو وڵاتەیە.

**ئامادەکردن: شیلان قوربانی فەر**

## ئەمنی منداڵ

دایە گیان منی مـــنداڵ
بابە گیان منی مـــنداڵ
مافی خۆمە سەربەسـت بم
ئاســـوودە بژیم لە ماڵ

* * *

کاری قورسـم پێ مەکەن
لە خوێندنیش دوام مەخەن
بۆ مەبەستێکی خـــۆتان
منداڵیم لێ تێک مـەدەن

* * *

چـــونکە دنیای منداڵی
خۆشـــترین کاتە لە ژین
با بە ئارەزووی خـــۆمان
ئەو خۆشی یە بچـــێژین

* * *

کاتێک پرسیارێک دەکەم
بۆئەوەیە تێ بگـــــەم
بە ڕووما هەڵمەشـاخێن
وەڵامـەکـــەم پێ بڵێن

* * *

ئەگەر ڕۆژێک لـە ڕۆژان
داوای شتم کـــرد لێتان
تواناتان نەبوو بیکەن
قەت بەڵێنم پێ مەدەن

**عەلی حەمەرەشید بەرزنجی**

دنیای منداڵان

گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە، ناوەندی منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا


دەستەی نووسەران:
هانا وریا، شیلان قوربانیفەر، بیگەردعەلیپوور

فتوشاپ و دیزاین: مینا سوڵتانزادە


پەیوەندی:
www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan
mndalanikurd@yahoo.com
www.Kurdistanukurd.com




# قسەی خۆش بۆ پێکەنین



دایکێک بە کوڕەکەی دەڵێ دەک بە قوربانی سەعاتێکت بم کوڕەکەش دەڵێ دایە ٢ سەعاتم هەیە ئەی سەعاتەکەی ترم.



باوکێک لە کوڕەکەی دەپرسی بۆ ئەوەی گۆشت بە تازەیی بمێنی چی لێ بکەی باشە؟ کوڕەکەشی دەڵێ وا باشە مەڕەکە هەر زیندوو بێ و سەری نەبڕین.



جارێک کوڕێک مۆز دەفرۆشێ. هەر دەهاتەوە ماڵێ و دەیگوت کە زەرەرم کردوە. ڕۆژێکیان باوکی وتی باشە کوڕم تۆ بۆ هەر زەرەر دەکەی؟ کوڕەکەشی وتی بابە ئەوەی خوار بێ فڕێی دەدەم.






قازی بە تاوانبار دەڵێ تۆ شەرم ناکەی ئەوەندە دێی بۆ ئەم دادگایە؟ ئەویش دەڵێ بەڵام قوربان خۆ تۆ زیاتر دێی.

## پێم خۆشە بە دڵی خۆتان ڕەنگم بکەن






## تا (یاو) چیە؟

« تا» یان هەمان یاو، یەکێکە لە هۆکارەکانی بەرگری لە لەش.
ئێمە لە کاتێکدا تووشی « تا» دەبین کە جەستەمان تووشی ڤایرۆس یان میکرۆبێک بووبێ. بە زیاد بوونی ڤایرۆس یان میکرۆب یان هەر هۆکارێکی دیکەی نەخۆشی، هەوڵدان بۆ بەرگری کردن لە لەش زۆر دەبێ و لە ئەنجامدا پلەی گەرمی لەش بەرز دەبێتەوە.
ڕەنگە تا ئێستاش واتان زانیبێ کە «تا» نەخۆشییە، بەڵام « تا» یەکێکە لە پارێزەرەکانی لەش لە میکرۆبەکان، کە دەتوانین بڵێین ڕەنگە نەبوونی ببێتە هۆی گیان لەدەستدانی ئێمە.
هەڵامەت، ئانفولانزا، سووریژە، مێکوتە، کۆخە ڕەشە، ئایدز، ئەستوور بوونی لەوزە و هەڵمسانی گوێ و ...... ئەو نەخۆشیانەن کە بە هۆی ڤایرۆسەوە تووشیان دەبین.
بەڵام نیشانەکانی تووشبوون بە « تا» کامانەن؟
هەست کردن بە سەرما و گەرما و لەرز، ئارەقە کردن، سووربوونەوەی کوڵمە و سستی و بێهێزی و بێ تاقەتی و ئازاری زۆر لە لەش چەند نیشانەیەک لە توشبوون بە « تا»ن. بە بەرزبوونەوەی « تا» لەش دەلەرزێ و هەست بە سەرما دەکەین و بە نزم بوونەوەی لەشمان ئارەقە دەکا.



با ئەوەش بڵێم کە نەخۆشی تووشبوو بە «تا»، باشترە خۆی لە حەمام کردن بە ئاوی گەرم و خۆ خستنە بەر تیشکی خۆر بپارێزێ، باشتریشە ساردەمەنی و ئاوی میوەی بدرێتێ و بە دانانی پارچەیەکی تەڕ لە سەر سەری وشوشتنی دەست و قاچی بە ئاوی شلەتێن، هەوڵێ دابەزاندنی تایەکەی بدرێ. لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە دەبێ سەردانی پزیشکیش بکا.

ئا: هانا وریا

# لێبووردەیی

پوورە مانێ ژنێکی بە ساڵا چوو بوو، حەزی لە پوخت و خاوێنی بوو، رووخۆش و قسە لەروو بوو. پوورە مانێ بە تەنیا لە خانوویەکدا دەژیا.

ئێوارەیەکیان کاتێ لە سەردانی دراوسێیەکی دەگەڕاوە، بینی بێچووە پشیلەیەکی چلووساوەی دایک مردوو لە پێش دەرگایماڵەکەی هەڵتروشکاوە. چاوەکانی نووسابوو، بە ئاستەم دەنگی لێوە دەهات، پوورە مانێ زگی پێ سووتا و بردیە ژوورێ، تێری کرد و خاوێنی کردەوە، دوایە لە سووچێکی ژوورەکەیدا شوێنێکی بۆ تەرخان کرد.

پوورە مانی زۆری نازی پشیلەکە دەکێشا، زوو زوو ئەیشووشت، خەنەی لە پشتی دەگرت و ملوانکەی ئەکردە ملی و گوارەی بە گوێچکەکانی ئەلکاند، بێچووە پشیلەکەش رۆژ لە دوای رۆژ هەڵی دەدا، گەورە و لە خۆبایی دەبوو. کاتێ پوورە دەخەوت، پشیلەکە تا هێزی تیا بوو دەی میاواند و کەل و پەلی ماڵەکەی بەیەکدا دەدا.

پوورە مانێ، ئارامی نەدەما و نسیحەتی دەکرد. دەیگوت وا مەکە، لە خۆتی تێک مەدە. بەڵام پشیلەکە لێی بێ منەت ببوو، جوابەجەنگەی دەکرد و دەیگوت تۆ تەنیای و دەبێ منەتبارم بی، ئەوەتا هەموو ئەو ماڵانەی دەوروبەر خودا خودایانە بچمە لایان.

ئیتر پوورە مانێ ملوانکە و گوارەکانی لێ کردەوە و لە ماڵەکەی خستە دەرێ. پشیلەکە ئەم سەر و ئەو سەری کۆڵانەکەی کرد، بەڵام کەس ئاوڕی لێ نەداوە. رووی لەهەر دەرگایەک کرد، دەرگایان بە روویدا دادەخست و پێیان دەگوت لاچۆ لاچۆ تۆ وەفات بۆ پوورە مانێ نەبوو، چۆن وەفات بۆ ئێمە دەبێ. پشیلەکە رۆژ لە دوای رۆژ لەڕ و لاوازتر دەبوو، شەوانە لە پەنایەک خۆی دەشاردەوە، جار جارەش منداڵە لاسارەکان بەردێکیان دەگەیاندێ و ڕەپێی دەکەوتن. چاوەکانی چەشنی جاری یەکەم کزبوونەوە، دەنگیشی نووسایەوە، رۆژێکیان بە ناچاری خۆی گەیاندە بەر دەرگای ماڵی پوورە مانێ. کاتێ





پوورە مانێ دەرگای کردەوە، پشیلە خۆی خستە سەر کەوشەکانی. بە لاقیدا نووسا و گوتی وابزانە هەر بێچووەکەی کەڕەتی جارانم، بەڵێن بێ تازە قەت دڵت نایەشێنم، قەتت نارەحەت ناکەم. پوورە مانێ دەرگای لە سەر پێوە دا، پشیلەکەش کز سەری داخست، بەڵام پوورە مانێی مێهرەبان دوای ماوەیەکی کەم دەرگای لێ کردوە و گوتی وەرە ژوورێ.

ئیدی پشیلەکەش هاتە ژوورێ و بەڵێنی دا هەمیشە دڵی پوورە مانێ رابگرێ و پشیلەیەکی ئاقڵ ئاقڵ بێ.

**جەواد حەمە بەگ**

# ئاسک و کەروێشک و ڕێوی



ڕێوی

من ڕێویی فێڵبازم
ئێجگار بە خۆم دەنازم
بۆ نێچیر زۆر بە پەلەم
دژی مریشک و جوجەم

کەروێشک

من کەروێشکم گیا دەخۆم
ڕەش و سپی یا بۆرم
ئەم فەروەی وا لەبەرمە
توکەکەی جوان و نەرمە



ئاسک

منیش کەوا ئاسکم
گیاندارێکی ناسکم
گیا خۆرم وەکوو مەڕم
هەردەم خەریک لەوەڕم



گیانداران گەلێ جۆرن
هەندێ لەوان گۆشت خۆرن
یا ماڵین یا کێوینە
وەکوو مەڕ و ڕێوینە
نابێ ئازاریان بدەین
خۆشە ئازادیان بکەین

**محەمەد دارياس**

# فێرگەی زمانی ئینگلیزی

A

بێگەرد عەلی پوور

## وانەی هەشتەم: میوەکان Fruites

### میوەکان Fruites

سێو apple



پرتەقاڵ orange



مۆز banana



ترێ grape



کۆخ peach



شوتی watermelon



کاڵەک melon



قەیسی apricot



توت فەرەنگی strawberry



ئاناناس pineapple




هەنار pomegranate



ماڤی پەروەردە و گەشە کردنمان هەیە بە جورێک لیهاتوویی خۆمان دەرخەین لە کومەڵگایی ئازاد دا

education and development are our right, to prove ourselve in a free society.



ڕێکەوتی ١٣٩١/٦/٩ لە شاری کۆیە کێبڕکێیەکی کیکبۆکس لە نێوان تیمی کیکبۆکسی ئاموزش و تیمی کیک بۆکسی کۆیە لە سەنتەری گەنجانی ئەو شارە بەڕێوەچوو.

ڕێکەوتی ١٣٩١/٦/١٣ دەورەیەکی فێرکردنی کامپیوتێر بە هاوکاریی کارزان شەباهەنگ بۆ بەشێک لە منداڵانی حیزب کرایەوە.

ڕێکەوتی ١٣٩١/٦/٧ لە لایەن ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشانگایەکی وێنە و کاری دەستی بۆ منداڵانی کەمپەکانی حیزب کرایەوە.







سەردانی ناوەندەی منداڵپارێزی بۆ قوتابخانە و باخچەی ساوایانی ئازادی و هەرمۆتە بە مەبەستی پیرۆزبایی ساڵی نوێ خوێندن.



















# چەلەحانەی خۆر و با

رۆژێکیان خۆر و با پێکەوە قسەیان دەکرد، بەڵام خەریک بوو لێیان بێ بە شەڕ، کێشەکە لەسەر ئەوە بوو کە کامیان بەهێزترن.

هەر کام لەوان باسی لە ئازایەتی و بەهێزییەکانی خۆی دەکرد و دەیویست بڵێ کە من لە تۆ بەهێزترم.

لەو کاتە دا ڕێبوارێکیان دی کە بەوێدا تێ دەپەڕی.

گوتیان با بزانین ئەو پیاوە دەڵی چی؟ با ئەو بڵێ کە کاممان بەهێزترین.

پیاوەکە گوتی هەرکامتان توانیتان ئەو باڵتۆیەم لە بەر داکەنن، ئەوا ئەو بەهێزترە.

لە پێشدا با دەستی پێ کرد. خۆریش چوو لە پشت هەورەکان خۆش شاردەوە تا مزاحیمی کاری با نەبێ.

لەپڕ بایەکی توند هەڵی کرد. پیاوەکە باڵتۆکەی توند بە هەردوو دەستەکانی گرت.

بایەکە هەر توندتر و توندتر دەبوو، بەڵام پیاوەکە بە هەر دوو دەستی توند باڵتۆکەی بە خۆیەوە گوشیبوو با نەیبا.

با نەیتوانی باڵتۆکە لە بەر کابرا دابنێ، هەر بۆیە ماندوو و شەکەت چوو لە قەراغ راوەستا.

ئێستا نۆرەی خۆر بوو کە هێزی خۆی بنوێنێ. ئەو لە پشت هەورەکان هاتەدەرێ و گەشاوەتر لە جاران تیشکەکانی خۆی بە سەر زەوی دا بڵاو کردەوە.



لە چەند چرکەیەکی کەمدا هەوا ئەوەندە گەرم داهات کە پیاوەکە تاقەتی نەما و باڵتۆکەی دەرهێنا.

بەم جۆرە خۆر نیشانی دا کە لە با بەهێزترە.

**و. پەیام**

## بۆقەکەی نێو پنگەکە

ئەوشۆ کە دەچوومە حەوشە بۆقێکم دی. بۆقەکە لە نێو پنگەکانی نێو باخچەکەمان هەڵ تروشکابوو. زۆر جوان بوو، بەڵام دایکم بانگی باوکمی کرد و گوتی وەرە ئەو بۆقە فڕێ دە و لێرەی دوور خەوە...



ئەو بۆقەکەم زۆر گوناح بوو، نە کاری پێمان بوو، نەهاتبۆ ژووورێ و ماڵی لێ پیس کردبووین، ئیدی نازانم بۆ دایکم نایەڵێ بۆق بێتە نێو باخچەکەمان....

بابم بۆقەکەی خستە سەر دەمە پێمەڕەیەک و بردی دوور دوور فڕیی دا. کە هاتەوە لێم پرسی باشە بابە ئەو بۆقە بەچکە بوو یان دایکە؟

باوکم گوتی گەورە بوو، بەچکە نەبوو .. یان دایکە بوو یان باوکە...

گوتم ئەگەر دایکە بووبێ ئێستا منداڵەکانی دێن و بۆی دەگەڕێن، ئەوان چۆن دایکیان ببیننەوە؟

هێشتا بابم هیچی نەگوتبوو کە دایکم گوتی بۆق پیسە، هەڵ دەمیزن و وڵاتمان لێ پیس دەکەن. نابێ قەت دەستی لێ بدەی

ئەمن ئێستاش نەمزانی ئەگەر بۆق پیسە، ئەدی بۆ باوکم ئەو بۆقە جوانەی بۆ کڕیوم؟ ئەدی بۆ من ئەوەندەم خۆش دەوێ؟

لە وێبلاگی نیان بداغی وەرگیراوە
www.niyanb.blogfa.com



١٣٩١/٦/١٠ یادی لە دایکبوونی چرۆ عەبدوڵلاپوور



٢٣/ ١٣٩١/٤ یادی لە دایکبوونی نارین کەنکاش



١٣٩١/٦/٣١ یادی لە دایکبوونی مەتین مەمەندی



٢٢/ ١٣٩١/٦ یادی لە دایکبوونی ئەشکین لوتفی

**دنیای منداڵان پیرۆزبایی جێژنی لە دایکبوون بەو پەپوولە چاوگەشانە دەڵێ**



# ئەو کچە چکۆلەیەی پێی خۆش بوو بفڕێ


ناسکە لە دڵە خۆیدا گوتی چ دەبوو بە دڵی خۆم فڕیبایەم. بچووبامە ئەو سەر سەرە، سەرووی هەورەکان و لەوێڕا چاوم لە دنیا کردبا. ئەو دوایە ئاخێکی هەڵ کێشا و گوتی «ئەخە چۆناوچۆن ئەوەم پێ دەکرێ؟» ئەو شەوە ناسکە خەوتبوو. فریشتەیەکی مێهرەبان هاتە خەونی و گوتی ئەمن یارمەتیت دەدەم. ناسکە گوتی هەر بەراست؟ چۆنم یارمەتی دەدەی؟ فریشتەکە گوتی ئەمن هەموو شەوێ دێمە خەونت، باڵەکانمت پێ دەدەم تا بەیانی. ناسکە لە خۆشیان قیژاندی و لە خەو راپەڕی. هەستا و دەموچاوی شوت و سڵاوی لە دایک و باوکی کرد و دەستی کرد بە خواردنی نانی بەیانی. بەڵام ئەو پێی خۆش بوو کە زوو شەو بێتەوە بۆ ئەوەی دیسان فریشتەکە بێتەوە لای. ئاخرییەکەی شەو هات و فریشتە مێهرەبانەکە هاتەوە خەونی ناسکە. فریشتەکە گوتی ئەدی نەمگوت دێمەوە لات؟ زوو کە خۆت ساز بکە و بڕۆ. بەڵام دەبێ بەر لەوەی خۆر هەڵبێ بگەڕێیەوە و باڵەکانم بدەیەوە.

ناسکە فڕی. بە نێو هەورەکاندا هات و چوو. لە رێگا پەرەسیلکەیەکی دی. ناسکە بە پەرەسیلکەکەی گوت دێی ببینە رەفیقی یەکتر. پەرەسیلکەکە گوتی زۆرم پێ خۆشە. ناسکە گوتی وەرە مسابقە، با بزانین کاممان زووتر دەگەینە قەراغ ئەو چۆمە؟ پەرەسیلکەکە گوتی باش. ئەوان لە دارستانی سەرسەوز تێپەڕین و گەیشتنە قەراغ چۆمەکە. ئەوەندە ماندوو ببوون خۆیان نەدەگرت. لە سەر چیمەنی قەراغ چۆمەکە پاڵ کەوتن. پەرەسیلکەکە گوتی وەرە ئەو جار بزانین کێ زوو دەگاتە سەر ئەو شاخە بەرزە. بەڵام ناسکە کە قەولی بە فریشتەکە دابوو بەر لە هەڵهاتنی خۆر باڵەکانی بۆ بباتەوە، بەپەلە ماڵاوایی لە پەرەسیلکەکە کرد و گەڕاوە بۆ ماڵی خۆیان. ناسکە دیتی کە فریشتەکە لە پشت پەنجەرەی ژوورەکەی چاوەڕێیە. فریشتەکە گوتی زووکە ناسکە گیان، دەبێ برۆم، بەڵام قەولت پێ دەدەم دیسانەکەش بێمەوە لات.




ناسکە بەیانی کە لە خەو هەستا کەیفی زۆر ساز بوو، ئەخە ئەو بە دڵی خۆی هەڵ فڕیبوو، چونکی بە ئاواتی خۆی گەیشبوو.

**کانی سمایل**




منداڵە چاوگەشەکان! بەو کەرەسانەی خوارەوە ئەو کاردەستی یانە ساز بکەن. بە پێی ئەوەی کە نیشان دراوەو پاشان کارەکانتان بینێرن بۆ منداڵپارێزیو خەڵات وەربگرن











جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو وێنەیەی سەرەوە بدۆزەوە



# وڵاتەکەمان بناسین

## « بۆکان »














«بۆکان›› شارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لە پارێزگای ورمێ هەڵ کەوتووە. شاری بۆکان لە باکوورەوە لەگەڵ «میاندواو»، لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ «ساینقەڵا»، لە باشوورەوە لەگەڵ «سەقز» و لە ڕۆژئاواوە لەگەڵ»مەهاباد» هاوسنوورە. حەشیمەتی شاری بۆکان لە ساڵی ٩٠ ی هەتاوی نیزیک ٢٨٠ هەزار کەس بووە.

خەڵکی بۆکان بە زاراوی سۆرانیی موکریانی قسە دەکەن و دووهەمین شاری کوردستانە کە لە سەردەمی کۆماردا ئاڵای کوردستانی لێ هەڵ کراوە و هەر لەو سەردەمەدا گۆڤاری «هەڵاڵە« ی لێ چاپ و بڵاو بۆتەوە.

«حەوزە گەروە» و « گۆڕستانی سەردار» ەکانی بۆکان کە ئێستا پارکی دەروازە قەبرانی لێ دروست کراوە، لە شوێنە مێژووییەکانی شاری بۆکانن. قەڵای کۆنی قەڵایچی، ئەشکەوتی قەڵایچی، قەڵای قەرەکەند، ئەشکەوتی کولاباد لە نێوان بۆکان و میاندواو، ئەشکەوتی موکری قڕان لە گوندی خۆراسانە، ئەشکەوتی کونەکۆتر لە گوندی گاینجە و قەڵای بەردینەی سماقانی فەرهادتاش، پارکی ساحیلی و پارکی زیرەک چەند شوێنێکی سەرنجڕاکیشی دیکەی ئەو شارەن.

بۆکان شاری هونەرمەند حەسەن زیرەکە کە لە مێژووی مۆسیقا و گۆرانیی کوردیدا بە ئوستوورەی کورد دەناسرێ و تا ئێستا نموونەی نەبۆتەوە.

بۆکان شوێنی ژیان و مانەوەی باڵندەیەکی دەگمەن بە ناوی «چێرگ»ە کە تەنیا لە ناوچەی بۆکان لە دەشتەسووتاوی حەمامیان، دەشتی ئاڵبلاغ و سێ کانییان دەژی و لە فەوتان پارێزراوە.

مامۆستا هەژار، سوارە ئیلخانیزادە، عەباس حەقیقی، سەید کامیل ئیمامی، میسباحەدیوانی ئەدەب، حەسەن قزڵجی و خالید حیسامی( هێدی) چەند شاعیرێکی بەناوبانگی کوردی خەڵکی بۆکانن و هونەرمەندانی بەناوبانگی وەک قالەمەڕە، عوسمانە سووری نایەژەن، عەلی کەردار و حەسەن دەرزیش لەو شارە چاویان بە دنیا هەڵێناوە و لێی ژیاون.

ئا: دایکی نارین

## ئەرێ عیلم باشترە یان سەروەت؟!



مامۆستا قوتابییەکەی بانگ کرد تاکوو ئینشاکەی کە لە بارەی « عیلم باشترە یان سەروەت» بخوێنێتەوە....


قوتابییەکە بە دەنگێکی لەرزۆک و پڕ لە ترسەوە گوتی نەمنووسیوە مامۆستا!

مامۆستا کە خەتکێشەکەی بەدەستەوە بوو بۆ سزادان، گوتی وەرە بزانم کەوایە ....

قوتابییەکە بە ئەسپایی و بێدەنگ چوو راوەستا و لە حاڵێکدا دەستە قەڵەشاو و بلۆقکردووەکانی لێک دەخشاند و خۆی بۆ سزای مامۆستا ئامادەدەکرد، لە بن لێوەوە گوتی: بەڵێ سەروەت باشترە، چونکە ئەوکات نەدەچووم بۆ کرێکاری هەرئەوکاتەی لە قوتابخانە دەگەڕامەوە دەچووم دەفتەرێکم دەکڕی و ئینشاکەم تێدا دەنووسی....!

**ئا: هانا وریا**





**منداڵە ئازیزەکان دەتوانن وێنە جوانەکانتان بنێرن بۆ ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێمەش لە دنیای منداڵاندا بۆتان بڵاو دەکەینەوە**

# نەقاشی و وێنەکانتان لە دنیای مندالاندا





سۆژین سەیدی



سۆژین ئاڕوەند



بەرزین



ژوئین شەریفی



وێنەکانی منداڵان لە پێشانگای منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان



سۆز پەیڕوان    بێخاڵ عەلیپوور    سۆلاڤ قادری



هومام محەممەدی



هاوار محەممەدی




ئان ئاوارە



سنوور رەحیمی



ژوئین شەریفی



سۆلاڤ قادری

